# ینک گەشەی کردووە

حەمەسەعید حەسەن

ئاوات ئەحمەد لە گوتارێکدا بە ناونیشانی (پۆلیسە گوناحەکانی وڵاتەکەم)(١) ڕەوتاری دزێوی پۆلیسەکانی کوردستانی داوەتە بەر ڕووناکی، فەرەیدوون عەبدولقادر کە وەزیری ناوخۆی قەڵەمڕەوی ینکە، لە بری ئەوەی شەبەقی مەفرەزەیەک بنێرێتە سەری و بە شەق لە ژێرزەمینێکی ئاسایشی توند بکات و لەوێ وای تەمێ بکا، ئیدی تا دەستی قەڵەم بگرێت، زات نەکا، لە گوڵ کالّتر بە پۆلیسی سلێمانی بڵێت، هاتووە زۆر شارستانییانە هەڵسوکەوتی کردووە و بە گوتارێکی هێمن کە ناوی ناوە، (پۆلیسی گوناح یان نووسەری خراپ)(٢) وەڵامی داوەتەوە.

لە کاتێکدا ئەم سنگفراوانییەی فەرەیدوون عەبدولقادر بەرز دەنرخێنم و خەو بەوەوە دەبینم دەسەڵاتدارانی کوردستان بە هەمان مێتۆد بە گژ ڕەخنەی نەیارانیاندا بچنەوە و وەڵامی وشە هەر بە وشە بدەنەوە، نەک بە شەق یان بە گوللە، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەش ڕادەکێشم کە ساڵی ١٩٩٥ لە شەقڵاوە، چەکدارانی ینک (حسێن خۆشناو)*یان گرت و هێندەیان ئەشکەنجە دا، سەقەتیان کرد، هەر بۆیە لە ئوستراليا لە سۆنگەی ئەوەوە کە لە ئەنجامی ئەو لێدانەوە دەستێکی لە کار کەوتبوو، وەک کەمئەندامێک خانەنشین کرا.

شەقوەشێنانی ینک بە حسێن خۆشناویان گوتبوو: **(هەر کەسێ بیر بکاتەوە، نابێ دەم بکاتەوە، کە دەمیشی کردەوە، نابێ دژی بەرژەوەندیی ئێمە قسە بکا.)** هەنووکەش مۆتەکەی ئەو ترسەی حەوت ساڵ بەری ئێستا ینک خستییە دڵی ناوبراوەوە، شەوان چۆک لەسەر سنگی دادەدات.

بەراوردێک لە نێوان وێنەکەی حسێن خۆشناوی بە دەستی ینک ئەشکەنجەدراو و نووسینەکەی فەرەیدوون عەبدولقادردا بکەن، بزانن ئێوەش من ئاسا، ناگەنە ئەو سەرئەنجامەی کە ینک گەشەی کردووە.

٢٠٠٢/٧/١١

(١) لاپەڕە (٧)ی ژمارە(٨٠)ی هەفتەنامەی هاوڵاتی.

(٢) لاپەڕە (٢)ی کوردستانی نوێی ڕۆژی ٢٠٠٢/٧/٩

* لە (١٩٩٧)ەوە لە ئوستراليا بڵاوکراوەی (کورد) دەردەکات کە تا ئێستا بیست ژمارەی دەرچووە.

